**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە : ( ٣١٦٧ ) لە ٢٠١٣/٦/٢٦**

**بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (١٥٢) لە یاسای کار ژمارە (٧١) لەساڵی (١٩٨٧) ئەم رینماییەمان دەرکرد :-**

## ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٣

## ڕێنمایی ڕێککاری کردنەوەی سەنتەرەکانی ڕاهێنانی پیشەیی بۆ کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان– عیراق

**ماددەی یەکەم :**

**کاری سەنتەرەکانی ڕاهێنانی پیشەیی لە کەرتی تایبەت بریتیە لە پێگەیاندن و ڕاهێنانی هاووڵاتیان لە رووی هونەر ییەوە بۆ شارەزابوون لە یەکێك لە پیشەکان وە یان بەرزکردنەوەی ئاستی پیشە ییان .**

**ماددەی دووەم :**

**وەزیری کارو کاروباری کومەڵایەتی وە یان ئەو کەسەی دەسەڵاتی لە لایەن وەزیرەوە پیٚ دەدرێت ، دەسەڵاتی پێدانی مۆڵەتی کردنەوە و سەندنەوە هەیە لە کارەکانی سەنتەری راهێنانی پێشەیی لە کەرتی تایبەت ، و لێژنەیەکی پسپۆری لە ئاستی بەرێوەبەرایەتیەکانی راهێنانی پیشەیی پێك دەهێنرێت بۆ بە دواداچوونی ئیش و کارەکانی سەنتەرەکان .**

**ماددەی سیٚ یەم : مەرجەکانی کردنەوەی سەنتەر :**

**یەکەم:- پێشکەش کردنی داواکاری لە لایەن کەسی ئاسایی یان کەسی مەعنەوی بەکردنەوەی سەنتەری راهێنانی پیشەیی لەرێگای بەرێوەبەرایەتی ڕاهێنانی پیشەیی کەئەم بەڵگەنامانەی خوارەوەی هاوپێچ بێت :**

**١- ماوەی خولەکانی راهێنانی پیشەیی.**

**٢-پێشکەش کردنی پروگرامی خولەکان تاوەکو پەسند بکرێت لە لایەن وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی .**

**دووەم:- دیارکردنی ژمارەی بەشداربووان لە وەرشەکان بە شێوەیەك کە بۆ هەر وەرشەیەك لە(٢٠) بەشداربوو زیاتر نەبێت.**

**سێیەم :-** نابێت بەشداربوو تەمەنی لە (١٥) پازدە ساڵ کەمتر بێت.

**چوارەم :-** دابین کردنی شوێنێکی گونجاو بۆ سەنتەرەکە لەگەڵ گشت خزمەتگوزاریەکان.

**پێنجەم :-** پابەندبوونی سەنتەرەکە بە مەرجەکانی تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی.

**شەشەم :-** پابەند بوونی بە مەرجەکانی تەندروستی لە رووی ژینگەوە بە هێنانی نوسراوی لاری نەبوون لە لایەنی پەیوەندیدار.

**حەوتەم :-**

١- سەنتەرەکە هەڵبستێت بە دابین کردنی ژمارەی پێویست لە ئەندامانی دەستەی راهێنان بۆ :

أ- خوێندنی تیۆری (النظري) .

ب- خوێندنی پراکتیکی (الفني) .

٢- پێویستە مامۆستا و راهێنەرەکان شارەزاییان هەبێت و بەم شێوەیە:

أ- مامۆستا :- دەبێت بەلایەنی کەمەوە دەرچووی ئامادەیی پیشەیی بێت ، و لە خولەکانی تایبەت بە فێرکردنی پراکتیکی و تیۆری بەسەرکەوتوویی دەرچوو بێت .

ب- راهێنەر:- دەبێت دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی و شارەزایی و خاوەن ئەزموون بێت بە راهێنانی پیشەیی .

**هەشتەم :-** سەنتەرەکە هەیکەلی ئیداری هەبێت بە پێی وەسفی وەزیفی بۆ کارەکان بۆ نموونە : ( بەرێوەبەر + فەرمانبەری کارگێری + فەرمانبەری هونەری. ...هتد ) .

**نۆیەم :-** پێویستە سەنتەرەکە(دەستەبەری) بکرێت لە بەرێوەبەرایەتی خانەنشین و دەستەبەری کومەڵایەتی .

**ماددەی چوارەم :**

**یەکەم :-** هەبوونی گرێ بەست لە نێوان سەنتەرەکە و کەسی بەشداربــوو ( راهێنراو ).

**دووەم :-** لە کاتی تووش بوونی بەشداربوویەك ( راهێنراو) بە پێکانی کار لەکاتی خولەکاندا لایەنی راهێنان (خاوەن سەنتەرەکە) بڕی ئابوونە بەشداریەکانی ئەو بەشداربووە دەکەوێتە ئەستۆی لە سەر بنەمای کەمترین مووچەی کرێکاری ناکارامە .

**ماددەی پێنجەم :**

سەنتەرەکانی راهێنانی پیشەیی لە کەرتی تایبەت کاردەکات لە ژێر چاودێری لیژنەی تایبەتی پێکهێنراو لە ماددەی دووەم ، وپابەندە بە پێشکەش کردنی ئاسانکاری بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان .

**ماددەی شەشەم :**

پێویستە سەنتەرەکە ناو و ژمارەی بەشداربوان ( ئامار) لە خولەکان لە هەفتەی یەکەمی دەست پێکردنی خولەکان رەوانە بکات بۆ بەرێوەبەرایەتی راهێنانی پیشەیی .

**ماددەی حەوتەم :**

بروانامەی دەرچوون لە خولەکان لە لایەن وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی پەسند دەکرێت .

**ماددەی هەشتەم :**

بە پابەندنەبوونی سەنتەرەکە بە یاساو رێنماییەکان وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی تایبەت بە خولەکانی راهێنانی پیشەیی و دوای ئاگادارکردنەوەی بۆ دوو جار بە شێوەی فەرمی ، مۆڵەتەکەی لێ دەسێندرێت بە پێ راسپاردەی لیژنەی ئاماژە پێکراو لە ماددەی دووەم .

**ماددەی نۆیەم :**

ئەم رێنماییە جێبەجێ دەکرێت لە رێکەوتی دەرچوونیەوە و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**ئاسۆس نجیب عبدالله**
**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**